# که س نیه له " پۆل هارڤی " بپرسێ :

## ئه وه ی دژ به کورد له که رکوک ده یکه ی، بۆ چوونی خۆته یا حکوومه ته که ت ؟؟؟

شۆڕش خالید ئاژگه یی/ دانیمارک

من وه کوو خوێنه رێکی کورد، وه ک هاووڵاتیه کی به په رۆش بۆ بست بستی ئاوو خاکی کوردوستانه که م، مینا غه مخۆرێکی سه روه ری و سه ربڵندی و که رامه تی نه ته وه که م ، بۆم هه یه ئه م پرسیاره ئاراسته ی به رپرسێکی ره زا قورسی خۆسه پێنه ری ئه مریکی له که رکوکی دڵ و هیواو خوێنی شاده ماری تاک تاکی کوردی ئه نفال کراوی، سته مدیده ی ، ژاراوی کراوی زامداری ده ستی مێژووی هه شتا ساڵه ی ته عریب و ته بعیس و ماڵوێرانکردن، بکه م و به ده نگێکی زووڵاڵ و به هێز و ڕقێکی ئه ستوور و به و زمانه ی خۆی لێی تێ ده گات ڕووبه ڕووی ببمه وه و بیهێنمه وه سه ر ئه و هۆشه ی، ده مێکه به ره ی ڕه گه ز په ره ست و تیرۆرپه روه ری نا تورکمانی و کۆنه مشه خۆره سه ر لێ شێواوان و ئه ندازیارانی پرۆسه ی ته عریب ، لێیان سه ندووه و مه ستیان کردووه ـ

ڕۆژ نیه ، ده م نیه ، کات نیه له ده زگاکانی ڕاگه یاندنه وه، گوێمان له لێدوانه دژ به کوردیه گومانیاویه ژه هراویه کانی "پۆل هارڤی "، سه باره ت به کورد و کوردستان نه بێ ـ ئه م به ناو ده سه ڵاتداره مه ده نیه ی ئه مریکی وه ک بڵێی تاکه سه رکرده ی ئه ستێره له سه ر شانی که رکوکه و بێ ئه وه ی ترسی له لایه ن و که س و نه ته وه یه که وه بێ ، هه موو ڕۆژێ به فیتی به ره ی تیرۆریست په روه ری تورکمانی و عه ره بی داگیر که ری که رکووک ، برینه کۆنه که ی که رکوک له جه سته ی زامداری کورد نه کولێنێته وه و پتر له جاران خه فه تبارمان نه کات و ساڵانی ده سه ڵاتدارێتی به عسی گۆر به گۆر، له یاد و بیره وه ریه کانی کورد نه ژێنیته وه ـ

باشه بۆ که سێک، په یامنێرێک ، هه واڵنێرێکی پیاوچاک، ئه ندامێکی ئه نجوومه نی کوردی بێ ده سه ڵات، یا سه رکرده یه کی کوردی مێر خاس و چه له نگ له م بنیاده مه بپرسێ ، ئایا ئه مه ی تۆ دژ به کورد له که رکوک پێی هه ڵده ستی و کردۆته به رنامه و نه ریتی ئه و چه ند ڕۆژه ی وه ک ده سه ڵاتداری ڕه زا قورس له که رکوک ماوته، سه رچاوه له بۆچوونه شوفینیه کانی خوته وه ده گرن یا له سه ر ی سه ره وه بۆت ده نێردرێ و ڕاسپارده و هه ڵوێسته ئاشکراکه ی حکوومه ته که ته ده هه مبه ر کورد و که رکووک ؟؟؟

ئه گه ر ئه مه بۆچوونی ئه مریکا بێ ، جا ده بێ ده ست خۆشی له خۆمان بکه ین به هۆی ئه م هه موو ڕێز و ته قدیره ی له ئه مریکیه "هاوپه یمانه کانمان!!!!!!!!" گرت، ئه گه ریش هه ڵوێستی خۆی بێ، ده بێ یه کێکی ڕیش سپیتر له و هه بێ ئامۆژگاری بکات و هه ڵه زه قه کانی بۆ ڕاست بکاته وه ـ
لێ ئه وه ی ڕاستی بێ و وابزانم تا کو نهو گه لی کورد له کوردستانیش په یان پێ بردووه ، ئه وه یه که ئه مریکا نه ک له به ڵێنه کانی ده ر هه ق به کورد به گشتی له کوردستانی عێراق پاشگه ز بۆته وه و هه ڵبژاردنه کانی سه رۆکایه تی وڵاته که ی و ڕازی کردنی حکوومه تی تورکیا و وڵاتانی عه ره بی به لاوه گرینگتره ، به ڵکوو تا قیامه تی قیامه تیش نایه وێ به چاوی دۆست و هاوپه یمانی ستراژیست له کورد و دۆزه ڕه واکه ی بڕوانێ ـ

ئه م هه موو سه ردانه ی بۆ کوردستانیش ده یکه ن، نابێته به ڵگه نامه یه کی به هێزو دانپیانراوی نێود ه وڵه تی له پیناوی دابین کردن و مسۆگه ر کردنی ماف و داواڕه واکانی گه لی کورد و گێڕانه وه ی که رکوکی بریندار بۆ باوه شی کوردستان ـ

ئه وه ی به لای ئه مریکاوه گرینگه و شه وو ڕۆژ سیسه تمه دارانی کۆماری و دیمۆکرات بۆی له په له قاژه دان، پاراستن و په ره پێدانی به رژه وه ندیه ژیاریه کانی ئه مریکایه،به دیموکراسی کردن و پاراستنی مافه کانی مرۆڤ و یارمه تی دانی گه له هه ژاره کانیش له دواییه وه دێ ـ